# ئاوڕێک لە شۆڕشە وون بووەکان

هەنگاریا ١٩٥٦

پاش نیوەڕۆی ٢٣ ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٥٦، نزیکەی ٢٠ هەزار خۆپیشاندەر لە شاری بۆدابست، پایتەختی هەنگاریا، کۆدەبنەوە. هەتا کاتژمێر ٦ ی ئێوارە، ئەو ژمارەیە دەگاتە ٢٠٠ هەزار کەس و هەموو پێکەوە، بەسەر ڕووباری دانوبدا دەپەڕنەوە بەرەو بینای پەرلەمان. تا دێت ژمارەی خۆپیشاندەران زیاترو زیاتر دەبێت، بەجۆرێک کە دەوڵەت هەستی هەڕەشەیەکی ئێجگار گەورە دەکات. بۆیە هێزە سەرکوتکارەکانی دەسەڵات، هەر بە پەلە، دەکەونە هەوڵی بڵاوەکردن بە خۆپیشاندەران بە گازی فرمێسک ڕێژو بە تەقە کردن لە خۆپیشاندەران لە بینا بەرزەکانی شارەوە. وە هەر یەکسەر، خۆپیشاندانی ئاشتیانە هەموو مانایەک وون دەکات و خۆپیشاندانەکە دەگۆڕدرێت بە هێرشێکی پڕ زەبروزەنگ دژی هێزە چەکدارەکانی حکومەت. وە هەر بەخێرایی، جەماوەر دەستدەگرن بەسەر مەخزەنەکانی چەکداو دابەشی دەکەن بەسەر خۆپیشاندەراندا.

هەر ئەو شەوە، حکومەتی هەنگاری، داوای هاتنە ناوەوەی بە پەلەی سوپای سۆڤێتی دەکات. بە ڕۆژی دواییدا، ٢٤ ی ئۆکتۆبەر، سوپای سۆڤێتی بە تانکەکانیان، شەقامەکانی بۆدابست داگیر دەکەن. وە ئیتر لەوە بەدوا، بینای پەرلەمان بە تانکەکانی سۆڤیەت پارێزگاری دەکرێت و شەقام و پردەکانی شاریش، لە سوپای سۆڤێتیەوە، پاسەوانی دەکرێن.
بەڵام ئەو هێزە، شۆڕشگێران ناترسێنێت، بەڵکو خەڵکی، بە پەلە دەکەونە سەنگەر لێدان لە شەقامەکانداو دەکەونە هێرش بۆ سەر سوپای سۆڤێتی. وە لەگەڵ ئەوەی بەردەوام لە ڕادیۆوە، گفتی درۆ دەدرێت بە شۆڕشگێران، بەڵام زۆر ناخایەنێت، بینای ڕادیۆیش خۆی، دەکەوێتە ژێر دەستی شۆڕشگێران.

لە ٢٥ ئۆکتۆبەردا، دوای تەقەکردن لە جەماوەر، چەند یەکەیەکی سوپا دەچنە نێو ڕیزەکانی جەماوەرەوەو پێکەوە لەگەڵ جەماوەری ڕاپەڕیو، هێرش دەبەنە سەر بینای پەرلەمان. هەر بە خێرایی سەرکردە سیاسیەکان هەڵدێن بەرەو سۆڤیەت. وە ئیتر لە شەقامەکانی بۆدابستدا، میلیشیایەکی شۆڕشگێر پێکدێت و بە مۆلۆتۆف، بەردەبنە تانکەکانی سۆڤیەت و هێزە تایبەتەکانی دەوڵەت. وە هەر ڕاستەخۆ ئەنجوومە کارگەریە شۆڕشگێریەکان لە کارگەکان و کانەکاندا دادەمەزرێنرێت. لە بەرامبەر ئەم مەترسیەدا، خرۆشۆف بە پەلە پەیوەندی دەکات بە سەرکردەکانی ئەوروپای خۆرهەڵاتەوە بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ئەو شۆڕشە لە ئەوروپای خۆرهەڵاتدا. بە زوبانی دەسەڵات، بۆ ڕێکخستنەوەی سیستم، سیستمی پۆلیسی دەسەڵات، هەردوو حکومەتی هەنگاری وسۆڤێتی، گەورەترین سزای ئەو بزووتنەوە شۆڕشگێریە دەدەن، ئیتر هەر لە ڕاووددونان و لەسێدارەدانی هەزاران کەسەوە تا بە ئاوارەبوونی زیاتر لە ١٥٠٠٠٠ کەس دەگات بۆ وولاتانی دەوروبەر، بەتایبەت نەمسا. بەڵام سەرباری ئەو سەرکوتکاریە، ئەو

شۆڕشە هەتا مانگی مایسی ١٩٥٧ دەخایەنێت. وە ئیتر میدیا درۆزنەکانی جیهان، لە ئەمریکاو ئەوروپای خۆرئاوادا دەکەونە پرۆپاگەندە دژی سۆشیالیزم و دەڵێن ئەوە نیشانەی تێرۆریزمیی سۆشیالیزمە. لە ئەوروپای خۆرهەڵاتیشدا، میدیا درۆزنەکان، ئەو ملیۆنان چەوساوە نارازیە، بە کۆمەڵە کەسێکی سەر بە ئەمریکاو ئەوروپا ناودەبەن، ئەمە وەک ئەوەی گوایە ئەو ڕاپەڕینە، چ پەیوەندیەکی بەژیانی واقیعی ئەو ملیۆنان کەسە خۆیانەوە نەبێت.

ڕاپەڕینی هەنگاریا، یەکێکە لەو زنجیرە ڕاپەڕینانەی، لە نیوەی دووهەمی سەدەی ڕابووردووەوە، ژمارەیەک لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی گرتەوە، وەک ڕاپەڕینی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات (١٩٥٣)، هەنگاریا (١٩٥٦)، (چیکسلۆفاکیا (١٩٦٨)، پۆلۆنیا (١٩٧٠، ١٩٧٦، ١٩٨٠ هەتا ١٩٨٩) کە ئەمەی دواییان بە تەواوی، لەبەردەم پرۆلیتاریای هەموو جیهاندا، پەردەی لەسەر ڕووخساری (سەرمایەداری دەوڵەت) هەڵماڵی و یەکەم هەنگاوی دانا بۆ هەڵوەشاندنەوەی بازاڕی یەکگرتووی ئەو ئۆردوگایەی بەناوی سۆشیالیزمەوە، برەویان بە سیستمی سەرمایەداریی جیهانی دەدا.

ڕاپەڕینی ١٩٥٦ ی هەنگاریا، یەکێکە لە ڕاپەڕینە پرۆلێتاریە هەرە مەزنەکانی سەدەی بیستەم، ئیتر با هەردوو هێزی سەرمایەداریی ڕکابەر، لە ئەمریکی و لە سۆڤێتی، چەندان ناوی جۆراوجۆری بۆ دابنێن.

ئەنوەر نەجمەدین